ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## دروستکردنی سیدی گۆرانی (دەنگ).

نووسەر:

@:

دروستکردنی سیدی گۆرانی (دەنگ) لەگەڵ پرۆگرامی Windows Media Player 9.
ئەگەر پرۆگرامەکەت نییە، دەتوانی لەو بەستەرەی خوارەوە بەخۆڕایی دایگری
http://www.microsoft.com/windows/windowsmedia/9series/player.aspx
پرۆگرامەکە بکەوە، لەلیستەی بەشی چەپەوە کرتە بکە سەر Media Library.
کرتەیەك بکە سەری، شێوەی پەنجەرەکەت بۆ دەگۆڕێ، لەشێوەی نوێدا بەشی تایبەت بە فایلەکانی نێو ئەو پرۆگرامەت پیشان دەدات، ئەو گۆرانیانەی کەدەتەوێ بیانسووتێنیتە سەر سیدی دەبێ لەوێ بن، پاشان دەتوانی بیانسووتێنیتە سەر سیدی، ئەگەر گۆرانیەکانت لەوێ نین ئەوە هەنگاوەکانی دیکەی سەر وێنەکە جێبەجێ کە (هەنگاوی 1 و 2 ):




پاش تەواو بوون لەهێنانی گۆرانیەکان، کرتەیەك بکە سەر All Music لەبەشی نێوەڕاستی پەنجەرەی پرۆگرامەکەوە، لەبەشی ڕاستی پەنجەرەکەدا هەموو گۆرانیەکانی نێو پرۆگرامەکەت بۆ دەدەکەون، ئەو گۆرانیانەی کەئەتەوێ بیانسووتێنی دیاریان بکە، دەست بنێ بەدوگمەی Shift و پاشان کرتە بکەسەریان بەریز. ئێستا کرتەیەکی دیکە بکەسەریان بەڵام بەدەستی ڕاستی مشکی کۆمپیوتەرەکەت، پاشان Copy To CD or Device کرتە بکە،




شێوەی پەنجەرەی پرۆگرامەکە جارێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەو شێوەیەی کەلەبەر دەست دایە، پەنجەرەی ئامادەکاریە بۆ سووتاندنی گۆرانیەکان، پاشان جۆری سیدیەکەت هەڵدەبژێری، سیدی دەنگ، گۆرانی. وەك وێنەی خوارەوە:




پاش جێبەجێکردنی ئەو هەنگاوانەی سەرەوە دەتوانی کرتە بکەیتە سەر Copy وەك لەسەرەوە لەنێو وێنەکە ژمارە 3 ی بۆ دا نراوە. کەمێك راوەستە پاش ئەوەش بۆ ئەوەی پرۆگرامەکە گۆرانیەکان بگۆڕێتەوە بۆ شێوەی Track و پاشانیش خۆی سووتاندن دەست پێدەکات.

کاتێ کەتەواو بوو خۆێ سیدیەکەت بۆ دەداتە دەرەوە.

کۆتایی.

ئاسۆ نادری Aso.Naderi@Gmail.Com.

Oct 2005 13

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت